تیمی ڕاگەیاندنی حکومەت:ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کە تا ئێستا تەواوکراون گەیشتووەتە ١٥٠ قوتابخانە لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکە



وتەبێژی تیمی ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراق ڕایگەیاند، ئێمساڵ هەزار قوتابخانە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی عێراق و چین لە بەغدا و شارەکانی تر دروست دەکرێن. دەشڵێت، " لە ئێستادا بڕەکیان تەواو کراون".

ئەمڕ شەمم، حەیدەر مەجید وتەبێژی تیمی ڕاگەیاندنی حکومەت بە ئاژانسی هەواڵی عێراقی ڕاگەیاندووە، ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کە تا ئێستا تەواوکراون گەیشتووەتە ١٥٠ قوتابخانە لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکە، قوتابخانەکانیش، ١٢ پێڵی، ١٨ پێڵی و ٢٤ پێڵین.

ئاماژەی بەوەش کردووە، بەپێی ئەو پلانەی ئینجومەنی وەزیران دایشتووە، لە کۆتایی ئەم مانگدا ژمارەی قوتابخانە تەواوکراوەکان دەگاتە ٢٥٠ قوتابخانە.

ئەوەشی خستووەتە ڕوو، لە قۆناغی یەکەمدا هەزار قوتابخانە لە مانگی تشرینی دووەمی ئێمساڵ تەواو دەبن. دەشڵێت، "تەواوکردنی قوتابخانەکان لە چوارچێوەی پلانەکانی حکومەتدایە بە کۆتاییهێنان بە قوتابخانەی دوو دەوامی".